هەرێم: نوخشە ناسیح وەک پارێزگاری هەڵەبجە بۆ وەکالەت دیاریکرا

دوای نزیکەی سێ مانگ لە خانەنشینبوونی پارێزگاری پێشووی هەڵەبجە، ئازاد تەفیق و جێگرەکەی، شاهێن حەمە ڕەزا، نوخشە ناسیح بووە یەکەمین ئافرەت لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا کە پۆستی پارێزگار بە وەکالەت وەردەگرێت.

ئازاد تەفیق، پارێزگاری پێشووی هەڵەبجە و جێگرەکەی شاهێن حەمە ڕەزا بەهۆی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو، کە تەمەنی خانەنشینی بۆ 60 ساڵ کەم کرایەوە، لە 31ـی کانوونی یەکەمی 2024ـەوە خانەنشین بوون و دەسەڵاتی واژۆکردنی هیچ نووسراوێکیان نەما.

وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێم ڕێگەی بە ئازاد تەفیق دا لەسەر پۆستەکەی بەردەوام بێت هەتا پۆستی پارێزگار یەکلایی دەبێتەوە.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕۆژی پێنج شەممە 13ـی ئازاری 2025، ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دیاری کردنی نوخشە ناسیح، قایمقامی ئێستای هەڵەبجە، وەک پارێزگاری نوێی هەڵەبجە بۆ وەکالەت بە

□ا یی کردنی نووسراوه□ کارگ□□ییه□کانی سنووره□که□ .